www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-7-2007 14:23

**تورە مە بن ... بەکرحەبیب**

ئیوە هەرگیزتوورە مەبن
لە قسەی
رەقی شاعیران
هەردەم دڵتان ئازارنەکات
لەشیعرێ بتان هەژێنێ و
چاوانتان بکاتە گریان...
لەتەک ویژدانی خۆتاندا بدوێن.. بدوێن
تاجەستەتان نقووم دەبێت لەشاپەلکی ئازاروژان...
کاتێک ووشە یاخیدەبێ وئەدات لەبنی مەنجەڵی
کات و زەمان....
ماندوومەبن لە مۆتەکەی خۆهەڵواسیووی
سەرشانتان...
چەند ئاستەمە ئیوەلاتان
ساتێ پارچە هۆنراوەیەک دەتانباتە حەوتەم ئاسمان...
پێتانوایە سوڵتانەکان
هەروەکو ئەوانەیپێشتان
دەتوانن بشکێنن پەنجە و دەست و خامەی نووسەرەکان...
توورەمەبن کاتێ چەپکەهونراوەیەک
لەجێی زللە سرتان دەکات
بۆ جیهانی بیرکردنەوە پێچتاندەدات....
زویرمەبنلێمان
مودیر، حاکم، مەسئوول..
ئەو چرکەیەی فلان ئەکتەر لێرەو لەوێ
رۆڵی گریانی میللەتێ. بەپێکەنین
ئەداتنیشان...
گوێرادێرن لە گفتوگۆی
زاری ئاخنراوی تینووی
دار و بەرد و دیوارەکان
توورەمەبن لە شاعیران..
لەکوتەکی زلی ووشە و
زمانیگەرمی قەڵەمی ئێمەومانان...

سوید/

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.